

# ئەلفریدە یلینیك:
## ئەدەبی بورنوگرافی لە خەیاڵی نێرینەوە دۆزراوەتەوە!!

**دیدار: جمانە حداد**
**ئا: شـێرزاد هەینی**

پاش چاوەڕوانییەکی بێهوودە، پێیان وتم، ئەو ڕازییە، بە بیسـتنی ئەو وشەیەی کە پێم وترا، سەبرم بۆی نەما، وەرگری خەڵاتی نوبڵی ئەدەب ئەلفریدە یلینیك ڕازی بوو دیدارم لەگەڵ سازبکات، هەرچەندەی نووسینەکانیم دەخوێندەوە زۆرتر پەرۆشی ئەو دیدارە دەبووم، دەشمزانی ئەو دیدارە موستحیل نییە. لە فرانکفۆرت بوارم بۆ ڕەخسا لەگەڵ (دلف شمیث) پەخشـکەری بڵاوکراوەکانی یەکتری بناسین، دیارە پاش وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ دیداری ئاسان نەبوو، چونکە ئەو زۆرتر بەرەو تەنیاییبوون دەچوو، بەو شێوەیە ڕۆژانەی بەڕێ دەکرد. سەرەتا کە زانیم دیدارەکە زەحمەتە، پێشنیاری ئەوەم کرد ئەگەر ئەو ئینتەرنێت بەکاردەهێنێت با دیدارەکە بە نێتەوە بێت، ئەو وتی بێگومان لە کۆمپیوتەرەکەی دوورناکەوێتەوە. هەموو مەسەلە هەنووکەیەکان لە گۆشەکانی نێتەوە چاودێری دەکات، منیش وتم، کەواتە دیدارەکە بە نووسین دەکەین، پرسیاری لێ بکە، ئەگەر من پاشان لەسەر وەڵامەکانی پێداچوونەوەم هەبوو ئەوەش چارەسـەر دەکەین. ئەو پێشنیارەکەی بەو وت، ئەویش ڕازی بوو. تا من دوا پرۆژەی تەوەرەی پرسیارەکان دادەنێم، بە دەستی ئەو پرسیارەکانم بۆی نارد، دیارە پاشان لەوێشەوە گفتوگۆکان سـازدەبێت، وزەو ئـارەزووی وەڵام و دەمەتەقێ پەیدا دەبێـت. وەڵامەکانی زۆری خایاند، لە دڵی خۆمەوە گومانی ئەوەم پەیداکرد پەشیمان ببێتەوە، بەڵام دلف دڵنیای کردمەوەو وتی:



دیمەنێك لە فیلمی پیانۆژەنەکە

ئەگەر ئەو بەڵێنی دا تەواو، پەشیمان نابێتەوە، لەسەری راوەستە، وەڵامت دەداتەوە. واش دەرچوو، چەند هەفتەیەك چاوەڕێم کرد، بەیانییەکیان ئیمێلێکی راستەوخۆی ئەوم بۆ هات، بە ڕێزەوە لێبووردنی لە دواکەوتنەکە داواکردبوو، وەڵامەکانی ناردەوەو گفتوگۆکان دروستبوون.

کە یلینیك خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت، نەمدەزانی ئەو نووسەرە لە وڵاتەکەی خۆی ئەوەندە ڕقیان لێدەبێتەوە، بە فاشییەکی چەپ ناسرابوو. زۆر لە کتێبخانەکان حەزیان بە فرۆشتنی کتێبەکانی نەکردبوو، کە شانۆنامەیەکی ئەو نمایشکراوە نارەزایی لەبەردەم هۆڵی شانۆکە پەیدابوو. رەخنەی زۆر لەسەر هەر کتێبێکی نوێی نووسراوە، ئێمەش پرسیمان... بۆ..؟ لەسەر ئەو نارەزایی و رەخنە توندانەی سەر نووسینەکانی لێکۆڵینەوەم کرد، ئەو راستییەم بۆ ئاشکرابوو:

هەموو نووسینەکانی پەنجەیەکە بە زمانی ڕەقی بێ وێنە لەسەر برینەکانی داناوە، هەموو برینەکان: برینی بەدکارییەکانی ڕاسترەوە توندڕەوەکان، برینی دارمانی بەهاکانی رەوشت، برینی ترسنۆکی پیاوان،

برینی بێدەنگیی ژنان لەسەر ترسنۆکییەکەی پیاوان،

برینی سێکس کە دەبێتە بەدیلی خۆشەویستی،

برینی ئەو خۆشەویستییەی تێر نابێت،

برینی ئەو گەندەڵییەی لە نەخۆشییەکانی ئەو کۆمەڵگە نوێیانەوە پەیدابوون،

برینی ئەو هەرزەکارانەی لە بۆشاییەکاندا دەسوڕێنەوە،

برینی دڕندەیی شەوەکان،

برینی پاوانگەری و لایەنگیری و جوداخوازیی نەژادی و جنسی و چینایەتی و لیستەکە درێژە و ئەو لاپەڕەیە بەشی هەمووان ناکات.

یلینیك لە 20ی تشرینی یەکەمی 1946 لە بنەماڵەیەکی ئاوێتەیی رۆشنبیری و ئاینی، لە دایکێکی نەمساویی کاسۆلیکیی بەرەچەڵەك سلاڤ رۆمانی، لە خێزانێکی برژوای شاری ڤیینا و باوکێکی زانای کیمیای جولەکەی خێزانێکی هەژاری چیکی رۆشنبیر لەدایکبووە. پەیوەندیی بە دایکە توندو زۆردارەکەی باش نەبووە، لە رۆمانی (پیانۆژەنەکە)دا ئەوەی کرا وە بە فلیم، رەوشتی دایکی تێدا بەرجەستەکردووە. دایکی سووربوو لەسەر ئەوەی کیژەکەی ببێتە

مۆسیقاکارێکی مەزنی بلیمەت، هەر لە تەمەنی حەوت سالییەوە توندیی زۆری لەسەرکردووە پیانۆو کەمان بژەنێت، تا تەمەنی شازدە سالی ئەو توندییەی سەری بەردەوام بووە. پاش ئەوەندە سالەی زەبری و توندیی دایکی بۆ موسیقا فێربوون سەری نەگرت، لە کۆتاییدا بەرنامەکەی دایکی هەرەسی هێنا، کیژەکە بەرەو زمان بەرنامەی دارشت، چونکە دایکی حەزی لە فێربوونی نووسین نەکردبوو، بۆیە بەرەو نووسینی هەنگاوی نا، باوکیشی بە نەخۆشیی دەروونی زوو لە شێتخانەیەك کۆچی دوایی کردووە.

یلینیك ئەو ژنەیە حەز بە دەرچوون و ناوهێنان و دەرکەوتن ناکات، بە قسەی ئەوانەی لە نزیکەوە شارەزای ئەون دەبێژن، رووی خۆشەو هەوەسی گالتەجاریشی هەیە، گالتەو خۆشی لە زۆرینەی نەمساوییەکانەوە نزیکە، لە نووسینەکانیدا گالتەجاری و تەنز رەنگی داوەتەوە. یلینیك وەك سیاسییەك خەبات بۆ نەهێشتنی جیاوازیی چینایەتی دەکات، بۆ مافی ژنان پێشەنگە. لە نووسیندا پابەندی کلیشەکانی باوی نووسین نابێت، پێشەکیی نووسینەکانی بە دیباجەی زمانی شیاوو پێشەکیی سیاسی یان سایکلۆژی دەستپێدەکات. خەمی سەرەکیی نووسینەکانی بە پیاوسالاری و دەسەلاتی توندی ئەوانەوە بەندە، بۆیە وتویەتی:

زۆر تورە دەبم کە دەبینم ژنان دەکەنە پاشکۆی پیاوان و پشتیوانی لە پیاوان دەخوازن، ئەو ژنانە لەو گیسکانە دەچن بۆ پارێزگاری پەنا دەبنە بەر گورگ، وەنەبێ بلێم ژن جێگای پیاو بگرێتەوە، یان دوژمنایەتیی بکات، بەلام ژنان دەسەلات و هێزیان لە ناخی خۆیانەوە وەرگرن. ئەو خەباتی بۆ ژنان نەبوو، ئەو وەك سیاسییەکیش کاری کردووە. دوا کتێبی (جیهانی بامبی) لە سالی 2003 بلاوبووەتەوە، ئەگەرچی نایەوێ باسی بکات، کتێبەکە هێرشێکی توندە لەسەر ئەو شەرەی ئەمریکا لە عیراق.

سەرەتا شیعری نووسیووەو پاشان رۆمانی بلاوکردووەتەوە، ئێستاش دەقی شانۆیی دەنووسێت، ئاسان نییە دیدی نووسینەکانی نێوان شیعرو چیرۆکی جیابکرێتەوە، ئەوەش لە دیمەنی شانۆگەریەکانیدا رەنگی داوەتەوە. یەکەم رۆمانی بەناوی (دوو دلدارەکە) لە سالی 1975، لە سالی 1980 (دوورخراوەکان) و (پیانۆژەنەکە) 1983 بە ئابرووبەرانەو بێشەرمانە باسی دایکی دەکات. دوا رۆمانی (هەوست)ی لە سالی 1989دا بێوکردووەتەوە، لەو دەقەشدا بەهەمان شێوە باسی دایکی دەکات. لە ئاکامی ئەو نووسینانەدا بە بورنوگرافی هەرزان و شەرمن ناوی رۆیشتووە. ئەو وەك هاوشانی نووسەر جۆرج باتای لەو شێوە ئەدەبییە ناوی رۆیشتووە، ویستویەتی هاوکێشەی نێوان ژن و پیاو وەربگێرێت، هەستی مێینەی ژنان بە ناپەسند ناوببات. لە (کورەکانی مردووان)دا کە لە سالی 1995دا رۆژانی داگیرکردنی ولاتەکەی لەلایەن نازییەکان و رووداني کارەساتی گەورەی وێرانکاریی نووسیوەتەوە، سەبارەت بەو بەرهەمە وتویەتی:

من نامەوێ کەس سزا بدەم، بەلام ئەوەندەی پێم کرا راستییەکانم ئازادانە باسکردووە.

لە نووسینەکانییدا زۆر لایەنی قەدەغەو حەرامەکانی سیاسی و سێکسی وروژاندووە، ئەوەش ناوی ئەوی بەرەو زەلکاو بردووە، کە راسترەوە توندەکان گەیشتنە سەر حوکم زۆر دژایەتییانکردو پروپاگەندەی زۆریان بۆی هەلبەست. کتێبەکانی ئەو کە بە زمانی ئەلمانی نووسیویەتی لە سەدەی بیستەمدا، تیراژی چاپی زۆری هەبووەو لە پێشەوەی چاپکراوەکان بووە شێوەی زمانی نووسینی تایبەتی هەبووە، بەو شێوەیەش ناسراوەو ئەو شێوەشی وەك چەکێك دژ بە پاشەرۆکان و کەماسییەکانی ئەو کۆمەلگەیە هاوچەرخە لە بەدکاری پەیرەوەی دەسەلات و جیاوازییەکان و رەوشتە ناشایستەکان و بوونی مەبەستی رووخاندنی کەسایەتیی بەکارهێناوە. زمانەکەی ئەو توندرەوانەو لەبیرکراوە، بۆ نیشاندانی لایەنە رەش و نامۆییەکان. شانۆنامەکانی لە تیاترۆ بەناوبانگەکەی ڤیینا (بورگ تیاتر) نمایش دەکرێن. شانۆنامە بەناوبانگەکانی وەك: کە نورا مێردەکەی جێهێشت، کلاراس، نەخۆشی یان ژنەکانی ئیمرۆ، ویستن و مۆلەتی رۆیشتن، لە ولاتی هەورا. ئەدەبی یلینیك دەچێتە رێز ئەدەبی نووسەرە گەورەکانی نەمساویی وەك: کارل کراوس و تۆماس برناردو بیتیر هاندکە، ئەویش وەك ئەوان بە خیانەت تاوانبارکراوە، بە بیانوی ئەوەی بابەت و رووداوی وای نووسیوەتەوەو بەبیرهێناوەتەوە، بۆ ئیمرۆو ئەو رۆژگارە باش نییەو لەیادکردنیان باشترە. ئالفریدە یلینیك زۆر شت و رووداوی بەبیردەهێنێتەوە،

بەبۆچوونی ئەو ئەوانە بەشـێکن لە مێـژوو و بەرەو لەبیرچوونـــەوە دەچن، لەبەر مەزنییـــان ناکرێ لەبیر بکرێن.

***با سەرەتا باسـی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ بکەین، ئەو خەڵاتە یەکەمینە بۆ وڵاتی نەمسـا، دەیەم ژنیشـە لە سـەرەتای بەخشینی لە سـاڵی 1901ەوە بەرێکەوێت، زوو کـە هەواڵەکەتیان پێ ڕاگەیانـدی، وتبووت، ئەوانە دوژمنایەتیم دەکەن، بۆچی دڵت گوشرا..؟**

ـ هیـچ ڕۆژێك بۆ ئەو خەڵاتە كۆششـم نەكردووە، وەنەبـێ ئـەو خەڵاتە بۆ مـن جێگای شـەرەفێكی گەورە نەبووبێت، ئیمڕۆ بۆ من شـەرەفێكی گەورەیە، شـتێكی مەعقوول نەبوو ڕۆژێك من بێمە ڕیزی گەورە نووسـەرانی وەك هەمەنگوای و بیكیت وەرگرتنی ئەو خەڵاتە منی لـە تەنیایی ڕزگاركرد، بـەڵام ناوبانگی و ناوهاتنـم بـە كارێكـی دوژمنایەتـی و جۆرێك لە جۆرەكانـی هاتنە ناو لایەنـە تایبەتییەكانی دەزانم. مـن بە ناچاری كەوتمە ناو باوەشـی خوێنەران...! من بەرگەی ئەو بایەخدان و سەرنجدانە ناگرم...! ئەوەش خۆشـاردنەوەو دووركەوتنەوەی دێتە پێش، بەرامبەر ئـەوەش وەرگرتنی ئەو خەڵاتـە ئازادیی فرەتری پێ بەخشیووم، ئازاد دەبم بنووسـم، یان چەند كاتی بۆ تەرخانبكەم، ساڵێك پشـووبدەم، چونكە ئەو خەڵاتە خۆشگوزەرانیشی پێوەیە، بۆ نووسەر دەستكەوتێكی باشە.

***تـۆ لە ژیانتدا پێش ئەو خەڵاتـەش زۆرجار دیاریی ئەدەبیی ترت وەرگرتووە، لە نێوان ئەو بایەخ و چاودێرو ناوداری و دژایەتیـی توندی ڕۆژنامـەو ڕەخنەگرەكان دووچاری سەرلێشێوان دەبیت..؟**

ـ ڕاسـتە خۆشـم پێم سـەیرە وا بە ئاشكرا ناوم دێت و چەندین خەڵاتم دەدەنـێ، ڕۆژنامەو میدیاكان بایەخـی زۆرم پێـدەدەن، دیارە زۆریـان لە لۆژیكی ڕووخانی كەسـایەیتیی خـۆم و كتێبەكانـم و ڕق و ناشـیرینی خۆی دەنوێنێت، هۆكارەكـەش بەندە بەو كەسـایەتییە مەزنانەی زانست و ئەدەب، كە ئێمەیان دەستنیشـانكردووە. زۆرم حەزكـردووە میدیاكان بە جوانی ناوم بهێنن، لەبەر هەڵوێسـتی سیاسـی ناوم نەشێوێنن، دیارە مەبەستم ئەوە نییە پەسەندم بكەن، من دەمەوێ بە شـێوەیەكی گران و سـەنگین سەیرم بكەن، زۆر بـە پەلەم تا بزانم پاش وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ ئەوەیان مەیسەر دەبێت.

***دیارە پاش ئەو خەڵاتە ئەركت زۆرتر دەبێت، ئەوەش بێزارت ناكات..؟**

ـ بەڵێ، دەبـێ هەتا فۆنەتیكی ئەو وشـانەی بۆ ڕۆژنامەكانیـش دەیڵێم زۆر بیری لێبكەمەوە. هێشـتا مەسەلەكەم قبوول نەكردووە، دەبێ هەموو ڕستەیەك بكێشـم، هەموو وشـەیەك بە جوان و پارێزەوە بڵێم. بۆ مـن ئەوەیـان زۆر زەحمەتە، من خـۆم لە خەڵك ترساوم، زۆرتر لە بەرامبەرەكانم دەترسم. مەبەستمە دوور لە ئاوەدانی بژیم، كـەس لێم نزیك نەكەوێتەوە، لە تەنیاییدا هەسـت بە ئاسوودەیی دەكەم. كە وتیان خەڵاتەكەت وەرگرتووە زۆر دڵشادبووم، لەبەر ئەوەی خەڵاتەكە لەبەر بەرهـەم و كارەكانم بووە، نەك لەبەر ئەوەی ژنێكی نووسەرم، وەك هەندێ كەس وا دەڵێن، منیش لەبەر خۆمەوە وتـم: ئەو خەڵاتە گۆڕانی زۆر لە ژیانت دەكات، دەبیتە ئەو كەسـەی خۆت ڕقت بەرامبەری هەبوو، ئەویش كەسێكی ناودارو میللی بوو...!

***دیـارە تۆ لە ڕۆژنامەكانـا ئامادەییت هەر هەبووەو جارانیش كەسێكی ناودارو بە بایەخ بوویت...؟**

ـ بـا ناوی ئامادەبـوون و ناوهێنانی لـێ بنرێت، ڕاسـتر، بە ڕستەیەك بێژین كارەساتی ڕۆژنامەگەری، كە چەند سـاڵە تووشـم هاتووە، ئێسـتاش بە هەر نرخێك بێت بە شـێوەیەكی شایسـتە بەرێی دەكەم، زۆر جاریـش دەپرسـم چۆن ئەو خەڵاتـە گەورەیەم بەركـەوت...؟ ئەگەر بەدوای ڕەخنەو نووسـینەكانی سـەر بەرهەمەكانمدا بچیتەوە، دیارە كەوا ئسـلوبی مەترسیشیان پێوەیە، زۆر بە وشك و لووتبەرزیش ناوم هاتووە، لەبەر ئـەوەی من ئارەزووی ژیانی تەنیایی و دوورەپەرێزیم هەبووە، ئـەوەش بریارێكی نارەوایەو دوورە لە ڕاسـتی، بە دەرئەنجامێكی پووچی دەزانم. كە دەقەكانم دەنووسم هەست بە ئارامی و هەستیاری دەكەم، كە بە دەنگ دەقەكانم دەخوێنمەوە هەست بە داشۆرین دەكەم. من ئەو كەشانەم ناوێت.

***ئەوەی من دەزانم تۆ شـاراوەو دوورەپەرێزیت، زۆر شاراوەیت و لایەنە تایبەتییەكان جوان دادەپۆشیت، دەبێ نووسـەرێكی وەك تـۆ پەیوەندی و ئاگـاداری زۆری بە گەیاندن و ڕاگەیاندنی بەردەوام هەبێت..**

ـ ڕاسـتە دەزگاكانی ڕاگەیاندن و هاووڵاتیان مافی

ڕەوایان لەسەر دەقەکانم هەیە، دەکرێ بیانخوێنینەوەو ڕەخنەشی لێبگرن، نووسین کاری تاکە کەسییە، تەنیا بەدیار ئامێری چاپێکەوە دادەنیشت، دەشتوانم خۆم بە هاووڵاتیان نیشان نەدەم. ئەگەر بمویستبایە ببمە کەسێکی جەماوەری و دیداری بەردەوامم بە خەڵکەوە هەبووایە، لە بواری سیاسەت و نواندن کارم دەکرد. من نەمویستوومە، حەزم نەکردووە ببمە ئەستێرەی ناسراو، هەر کەسەو ئسلوب و هەڵکەوتەی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوەش مانای ن ئەوە نییە من خۆم دوورەپەرێز لە خەڵکی رادەگرم، دەمەوێ لە دوورەوە چاودێرییان بکەم.

ئەوەش شوێنێنکی شیاو و ڕاستە ئەگەر ئێمە بچینە ناو خەڵك و تا گەروومان لەناویان بخنکێین، لەو حاڵەتە ئاگامان لەوان نامێنێت، وەك پێویست ناکرێ چاودێرییان بکەین و هەڵیان بسەنگێنین. چەند دووردەکەومەوەو لە مەسافەیەکی گونجاو چاودێرییان بکەم بۆ من شیاوە، کەس تێم ناگات، کە چەند لەسەر حەقم، من بە شێوەیەکی نایاب و زیرەکانە خۆم دەشارمەوە. خەیاڵ و واقیع ئاوێتە دەکەم، ڕۆمان و دیرۆك، سەربردەی هونەری و سەربردەی تایبەتی، ئەوەش بۆ ئەوەیە سنوورەکانی نێوان ڕاستی و چەواشەو ڕاستی و هەڵە ناسڕێتەوە. لەو مەسەلەیە لەخۆم زۆر ڕازی بووم، توانیم ببمە پاڵەوانی خۆشاردنەوەکەم و هێشتا نەمتوانیوە ئەوانی تر بکەمە پاڵەوانی خۆشاردنەوەی خۆم.

***دیارە پرۆسەی خۆشاردنەوەو خۆدزینەوەی پیاوان ئاسانترە لە ژنان..**

ـ ناکرێ ئەوە بشاردرێتەوە، چاوی نیگاو چاودێری لەسەر ژنان تیژترە، پیاوان مافی ڕەهایان بە خۆیان داوە، هێرشی نارەوای سادی بکەنە سەر ژنان، ئەوەی لە ژنان داواکرێت لە پیاوان زۆرترو گرانترە، ژنان زۆرتر تەماشای دەکرێت، بۆیە زۆرتر دەیەوێت لە گۆرەپانەکە دووربکەوێتەوە. لە کەسایەتی و تایبەتمەندیی سێکسیی خۆی بڕووتێتەوە، شێوەی کۆلکەزێرینەی ناسکی بەرهەتاو بێت و توانەوەی ئاسان بێت، زۆریش وا دەکەن کە دەچنە بواری ڕاگەیاندن و ئەدەبی بە جدی سەیری دەکرێن، بۆ پیاوان ئامادەییان زۆرتر دەبێت، پەشۆکاوی سێکسی لە بەرهەمەکانیان بەدی دەکرێت.

***وا دەزانم ئەو بۆچوونە سەد لە سەد ڕاست نییە، ژنانیش کە دەخوڵقێن ئارەزوو و وزەی ئیرۆتیکی تێدایە، خۆت وتت: ئەو بۆچوونە ڕاستە، منیش بەو شێوەیە کاردەکەم. کارکردن وەڵامی ویست و ئارەزووی بوونی فیزیکییە، بۆ ئەوەیان چی دەڵێت..؟**

ـ دەکرێ بوترێت، منیش تاوانبارم، کە دیلی هەوەس و ویستی ناهۆشیارو خۆڕسکانە دەبمەوە لێدانی ئارەزووی نووسینم وەك ئارەزووی کاری سێکسیمە. جارێکیان بە وزەی هەوەسەوە بەندە، کە دەنووسم وەك سووتانە بۆ جووتبوون و تام وەرگرتنەکەیەتی، نووسینیش ئارەزووی هەوەس و زەوقی دەوێت، ئەوەیان بەتاڵکردنە، سووککردنی مێشکە، ئەوەی فڕێدەدرێت، بۆ تەقینەوەو سووککردنە، وەك گەیشتنی دوا لوتکەی تامی ئارەزووی جووتبوونە. زۆرتر پیاوان دەستپێشخەری لە پاڵدانی ئیرۆتیکی لە داهێنانی بەرهەمەکانیان دەکەن، ژنان مەوزوعین لە وەرگرتن و بەس.

***کتێبی (هەوەس)ت بۆ داهێنانی بورنوگرافی مێینەیە، تا ئەو هاوکێشەی ئارەزووی سێکسیی ژنان لە دەسەڵاتی نێرانەوە هەڵوەشێنێتەوە..؟**

ـ بەڕاستی مەبەستم ئەوە بووە، من زۆر لە کارە ئەدەبییەکانم، بازرگانی ناکەم بە بەرنامەکەم، نووسینەکانم بە بورنوگرافییەوە بەندەوکاری بۆ دەکەم. بەداخەوە کتێبی (هەوەس)م بە پێچەوانە لێکدرایەوە، لە میدیاکان بەو مانشێتەوە (بورنوگرافییەکی فاشل، بە پێنووسی ژنێك)، هەمان شت سەبارەت بە کتێبی (بیانۆژەنەکە)ش ڕووی دا. من دەمویست ئەو دیدەی پەیدام کردووە، ئەو دیدە چارەسەر بکات. (هەوەس) ڕەخنەیەکی توندو زەق بوو دژ بە کۆمەڵگە، نموونەیەکە کەرەستەکانی کۆیلەتیی هاوچەرخ ریسوا دەکات.

***وەك خۆت وتووتە، نەتتوانی هەستێکی مێینە بخولقێنیت..؟**

ـ بەڵێ ڕاستە ئەو ئەنجامەم نەپێکا، من دەمویست بونورگرافییەك بنووسم، دیارە ئەو ئەرکە بە ژنان ناکرێت، منی ژن ناتوانم ئەوە بکەم، تەنیا پیاوان دەتوانن و ژنانیش مەبەستی بێدەنگی بینینی نێرینەن. کتێبی (چیرۆکی چاو)ی جۆرج باتای بە مێینە ناکرێت، ئەوە بە نێرینە دەنووسرێت، ئەوەش

پێچەوانەی دەرهاتەی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە. من زوو بێئومێدیی ژنم دۆزیوەتەوە، چۆن پیاوان ئەو ئەفسانەیان دۆزیوەتەوە، ئەوانیش دەتوانن رزگاری بکەن. من دەرەقەتی هیچ نەهاتم، هەتا ژنەکەی باتاش بە ژن نازانم، دیارە کەوا ژنان مولکی خۆیان نین هەتا کۆشش بۆ ئەو مەبەستە بکەن و قوربانیی بۆ بدەن، بۆ ئەو ئەزموونە رەنگدانەوەی پیاوانەیە، چونکە ئەوەیان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی دەسەڵاتە. بۆیە ناوی شیاو و دیاریی ئەدەبی بورنوگراف ژنانە بەدی ناکەم.. چیرۆکی (ئۆ)ی بولین ریاج (ئۆی لەلایەن ئان دیکلو نووسراوە، ئەوەیان ناوی راستەقینەیەتی، یان بەناوی خوازراوی تری دومینیك ئاوریە، کە ناوبانگترین ناوی خوازراویەتی) بینینی نێرینە نایابە بۆ بەرجەستەی شەهوانییەتی ژنان، هەتا ئانییش بە هەموو ئازایەتیی خۆیەوە نەیتوانی لەو هەنگاوە سەرکەوێت. جوانترین نووسینەکانی بیرەوەریی سەردەمی منالییەتی. ئەدەبی بورنوگرافی لەلایەن پیاوانەوە دۆزراوەتەوەو خەیاڵی ئەوانیش پەرەی پێدراوە، ئەو ئەدەبە بۆ ژنان زەحمەتە.

***لە وتارەکەدا دیارە، هەست بە شێوازی رق لە پیاوان دەکەیت..**

- تا ئەو رادەیە نا.. من رقم لەو دەسەڵاتە دەبێتەوە، کە پیاوان نوێنەرایەتیی دەکەن، منیش وەك هەموو ژنێك قوربانیی ئەو دەسەڵاتەم. قوربانیی ئەوە نیم پیاوان لە ژنان هەڵدەدەن، یان دەستدرێژی دەکەنە سەریان، قوربانیی دەسەڵاتی بەتریکی باوکسالاریم، ئەوەش لە دەسەڵات و زۆرداریی تاکە کەسی کوشندەترە، زەبرەکەشی کوشندەو بەهێزە، ئەوەش بەو شێوازە دەمێنێتەوە تا تای تەرازووی دامەزراوی کۆمەڵایەتیمان بەو ئاراستەیە بڕوات، منیش وەك هەمووان ئەگەری رووبەڕووبونەوەی دەبینم، ئەوەش تەگەرە دەخاتە پێش هەموو داهێنان و گەورەیی و شکۆی ژنان.

***چۆن دەتوانی سەرێشەی نایەکسانییەکە خاپووربکەیت، یان بیلەرزێنیت، بۆیەش بەردەوام وەك نووسەرێکی شەرمەزارکردن و ریسوایی نیشاندان دەنووسیت، کەچی ئەو جۆرە نووسینانە کێشەی بەدواوەیە، هەتا لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەك وڵاتی ئێوەش..؟**

- لەلایەن خوێنەرانی چینە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگەکانەوە، لەسەر نووسینەکانم کێشەم هاتووتە پێش، زۆریش هۆیەکانی نازانم من پێش کەسانی تر ئەو سنوورەم نەبەزاندووە. من ویستوومە پەیوەندیی ژن و پیاو، تا لە حاڵەتی کاری جنسیش، وەك لە نموونەی هیگڵ لە پەیوەندیی ئاغا و خزمەتکار، بە شێوەیەك لە شێوەکان سنوورە خەتەرەکان دەبەزێنێت بناسێنم، چونکە ئەو پەیوەندییە دەگاتە خاڵێکی مەترسیدارو چڵکن. ئەگەر ئەو حاڵەتە جنسییەی نێوان نێرو مێ دەکرێت لەسەر بنەمای خۆشەویستیش بێت، دەسەڵات و هاوسەنگەکانی دەورییان هەیە، لەبەر ئەوەی ژن خاوەن بیرۆکە زەوقییەکە نییەو دەستپێشخەری ناگەێنێ و مەسەلەو ویستنەکەش لەلای کەسی دووەمی هەوەستدارەوەیە مێینە گرەو لەسەر جەستەی رووتی دەکات، کە پەیوەندیش بە جەستەوە بەندبوو مەسەلەی هەرەسی جوانیش دەیگرێتەوە.

***هەست ناکەیت لەو لایەنەوە تەنگژەیەك هەیە، وەك نووسەری ئەمریکی (کایتی رویف) دەبێژێت نارەزایی لەو پیاوانەی توندن دەرحەق بە ژنان، ئەو نارەزاییە ناکۆکە بە ویستی ئەو ژنانەی پیاویان بە هەموو شێوەکانیەوە دەوێت..؟**

- بێگومان ناکۆکی و تەنگژەیەکی زۆر قووڵ هەیە لەم مەسەلەیە،، من بڕوام هەیە ئەگەر ژنان هەست بە خۆشەویستی بکەن و ئەو سۆزیان هەبێ، بۆ مناڵەکانیانە، خۆشەویستیی زارۆك لەلای ژن یەکەمە، ئەگەرچی من نەزاوم و منالم نەبووە، بەڵام بڕوام وایە. ژنان لە کتێبی نووسراو بە دەستی پیاوان خۆشەویستیی پیاویان بۆ بەرجەستەکراوە. لەو کتێبانەوە کە ژنان زۆرتر دەیخوێننەوەو دەیکرن، هەر ژنەو نووسینی ئاغاکانی پیاو دەبینی، ئەوانە پێویستیان بەو جۆرە کتێبانە نییە، کە ویستیویانە زۆرتر لەسەر پیاو بزانن لەبەر تەوژم و زەبری ستوونەکەیەتی.

***تۆ زۆر باس لەو دەکەیت ژن هەر مەبەست و ئارەزوو بووە، کەچی زۆر نموونەی ژنی هەستیارو دەستپێشخەر هەبوون و پیاویان ترساندووە..**

- من وا دەبینم، ئەوان لەوە ناترسن ژنەو داوای چی دەکات، لەوە دەترسن ئەو ژنانە زۆرتر لەو مافەی کۆمەڵگەی پیاوسالاری پێی بەخشیوون داوای بکەن، زێدەڕۆیی بکات. پیاو پێویستی بەوەیە ئەو بەردەوام پێشنیارو هێرشبەرو بڕیاردەر بێت، کەچی ئەو ناتوانێ

لە سیستمێکی بێلایەن و ئاشتییانە گوزەربکات.

***ئەگەر بزاڤی ژنان گەشە بکات و بەرەو یەکسانی بڕوات، دووبارە ڕەوشی چەوسانەوە لەلایەن ئەوانەوەدەرحەق بەپیاوان پیادەناکرێت..؟**

-ناکرێ بەو ڕەوشە تازەیە گەشبین بین، ئەو چاکسازییە لە بواری ژناندا کەمە، ئەو جیابوونەوەیەی لە ئاکامی بزاڤی ژنانەوە هاتوونەتە کایەوە دڵتەنگم دەکەن. تووڕە دەبم کە کتێبی تری ژنانە لە تەنیشت کتێبەکانی من ڕیزدەکرێت ئەو کتێبانە بەناو بۆ کێشەی ژنان نووسراون، کتێبەکانی من وەك بولبول بۆ سەرنجڕاکێشانی ئەوانی تر دانراون، ڕێزبەندی و دانان پیشەیەکی نارەواو گەندەڵە. ژنان بۆ باشترین ڕەوشی ژنان خەبات دەکەن، گۆڕانیش بۆ چاککردنی یەکسانییە نەك ڕەشکردنەوەی بەرامبەرەکەی، بۆ ئەوەیە ژنان کیانێکی سەربەخۆو ئازادو تەواو بێت، شوورەییە ژنان پشت بەپیاوان ببەستن.

***لە کۆی ژمارەی 515 وەزیر لە ئەوروپا تەنیا 57 وەزیری ژن هەیە، ڕێژەی 2 ٪ ژنان لە بواری ئیداریی ئاست بەرزدا هەیە، سەبارەت بەو واقیعە چی دەڵێت..؟ یەك ژن لە ئەکادیمیەی زمانی ئەسپانی و سێ ژن لە ئەکادیمیەی زمانی فەرنسی هەیە.. لە وڵاتێکدا گوایە مافەکانی ژنان زۆر بە ڕەواو یەکسانی پەیڕەوە، ئەوانە نیشانەی بوونی زەقی جەوروزۆرداریی پیاوان نییە..؟**

ـ نازانم...! تەفسیرم بۆ ئەو ڕەوشان نییە، ڕەنگە هۆکارەکان ئەوە بێت، ژنان ئارەزووی کارو داهێنانیان لەو بوارانەدا لاواز بێت، هەتا لە وڵاتە زۆر پێشکەوتووەکانیش، بێگومان ستەم و زۆرداریش دەوری هەیە. لە تەرازووی دەسەڵاتدا یەکسانیی مێژوویی نییە، لەبەر ئەوەی نایەکسانی زۆر هەیە، بۆیەش بواری خەباتی ژنان بە بەردەوامی دەمێنێتەوە. باشترین شێوەی خەباتیش کارکردنی هەموومانە لەناو ئەو هەرەمەی هەموومانی لەناو کۆکراوەتەوە.

***دووبارەی دەکەمەوە، دەبێ نووسینەکانت لە بازنەی ڕیسواییکردن دەربچێت و بەشداریی گۆڕان بکات..؟**

ـ بەداخەوە زۆر لە ئەدەب چاوڕەوان ناکرێت، ئەدەب ناتوانێ جیهان بگۆڕێت، ئەوەی مارکس لە مانیفێستی شیوعیەتدا داوای کردووە، تەنیا ئەوەی دەکرێت هۆش تیژو بەکار دەکات. من بە گاڵتەجاری و تەنز بۆی دەچم، بەو شێوەیە لە نایەکسانیەکاندا دەدوێم، ئاواش نێوان ڕەمزییەت و واقیعی کۆمەڵایەتی نزیك دەکرێتەوە. تا لە تەنز بگەین، دەبێ لە جیاوازییەکان بگەین، بە هەمان شێوەش بە دوورکەوتنەوەو دابڕانیش، دەتوانین لە زمانی نووسەرێکدا بەرجەستە بکەین. زۆرجار لە تەنزەکانم ناگەن، بەتایبەتی لە ئەڵمانیادا، لەجیاتی ئەوەی هێرش و ڕەخنەکانم لەسەر کلێشە کۆمەڵایەتییە باوەکان بناسنەوە، شتەکان بە کاڵی ووەك خۆی دەناسرێت.

***ئایا قۆناغەکانی دروستبوونی ئەو هێرشەم بۆ ڕاڤەدەکەیت..؟**

ـ بە زمان دەمامکی ئەو کلێشانە دادەماڵم، ئەگەر زمان بە توندیی پێویست بەکارهات، بێگومان ئایدیۆلۆژیاو سرووشتە درۆزنانەو هۆشە ساختەکەی رووت دەبێتەوە. زمانی ئەڵمانی بەتایبەتی زۆر مامەڵە لەگەڵ بەدکاری ڕەفتار دەکات، زمانی فەڕەنسی وا نییە، کەمتر دەلوێت بۆ ئەو مەبەستە، چونکە زمانێکی تەقلیدییەو شێوەکەی پتەوترە، بۆیە یاریکردنی بە وشەکان و دارشتنەوەیان شێواوەو لە فەڕەنسی ناچێت. ڕەخنە لە کلێشەکان بە هەموو زمانێك ناکرێ، زمانی وایە کەرەستەی تری دەوێت، بۆیەش نووسینەکانم تەرجەمەی زەحمەتە بۆ زمانانی تر، ئەوەش لەبەر بوونی تەگەرەی باوی ناو زمانەکانە. ئەگەر لە (هەوەس) وردبیتەوە چەندین جەناس و گەمە بە وشەو دۆزینەوەی زۆر ئاڵۆزهەست پێدەکەیت...

***دەبێ ئەوەی بەرهەمی تۆ وەردەگێڕێت زیرەك بێت لە داتاشینی زاراوەی نوێ..**

ـ بەڵێ، بێجگە لەوەش دەبێ بۆ دەقەکەش زۆر پەرۆش بێت، ئەگەرنا کۆڵ دەدات، تازە باسی زەحمەتی وەرگێڕانی دەقەکانم بۆ زمانی فەڕەنسی کرد، کە وەرگێڕەکەم کاری دەکرد، دەمزانی چەند ماندوو دەبێت، چونکە فەڕەنسییەکەم باشەو لە ڕەگەکانی زمانەکەش شارەزام.

***هەر سەبارەت بە ژن و جەستە، دیارە لە تەمەن**

**گەورەبوون دەترسـیت، بۆ هەموو کەس باشە لە کاتی گونجـاودا خـۆی بکوژێـت، پەیوەندیت بـە زەمەنی ئاڵـوزەوەچییــە..؟**

ـ لەبــەر ئەوەی مــن ژنم پێشــەکی دەبێ (من جەســتەیەك بم)، لەبــەر ئەوەی رووبــەری خەیاڵ و رەمزییەتــی پیــاو داگیریکردووە، مــن زۆرتر لە پیاوان هەســت بە پیربوونی جەستە دەکەم. پیاوان دەتوانن ئەوەیان بە دەســتکەوت و شانازیی فیکری و هونــەری و مادی پڕی بکەنەوە، بــەڵام ئەوە بۆ ژنــان مەحاڵە. ژنان لــەو رۆژەوەی لەدایك دەبن تا دەمرن، بە جەســتەیانەوە بەندن. هەرچەند خۆمان بهێنین و ببەین و کۆشــش بکەین، ژنێکی ناســکی مۆدیــل یان ژنێکی ئەکتــەری گەنج بایەخی زۆرترە لە ژنێکی تەمەن شەست ســاڵانەی خاوەن خەڵاتی نۆبــڵ، واقیعەکــە وایە، ئەوەش لەنــاو کۆمەڵگەی ئێمە باوەو کەمالی جەستەیان لا پیرۆزە. سەبارەت بە خۆکوشــتن لەکاتی پێویســتدا، بــۆ من جێگای باســە، لەبەر ئەوەیە چونکە من تا مردنی دایکم لە تەمەنی 97 ساڵیدا و ئازارکێشانی زۆر بە نەخۆشیی بارانویا هاوشانی بووم و چاودێریم کردووەو هەستم بــە ئازارەکانــی کردبوو. پــاش مردنــی و بینینی ئازارەکانــی بــەر لە مردنــی. من زۆر لــە تەمەن گەورەییدەترســم.

***لــە رۆمانی (پیانۆژەنەکە)دا باســی خێزانەکەت کردووەو پەیوەندیت بە باوکتەوە خراپ بووە. باسمان بــۆکــە.**

ـ باوکــم زانایەکــی کیمیابــوو، جولەکــەی شیکیابوو، عاشــقی دانووســتان و راڤەکردن بوو. بوونم بە نووســەر کەمێــك بۆ ئــەو دەگەڕێتەوە، زوو خۆشەویســتیی وشەی لا دروســتکردم. دایکم کاسۆلیکی بە نــەژاد رۆمانی و ئەڵمانــی بوو. کە مــن لەدایکبووم، باوکم تەمەنی 48 ســاڵ و دایکم تەمەنی 43 ساڵ بوو، من تاقانەیان بووم. دایکێکی بۆرژواو باوکێکی سوسیالیســت. دوو جیهانی لەیەك دوور، لــەو ناوەدا منیــان پانکردبــۆوە. منالیم لە ڤیینا بەسەربردووەو مۆســیقام خوێندووە، ئامێری پیانــۆو کەمانچــەو ئورگونم ژەنیــوە، لە زانکۆش بەردەوام مێژووی هونەرو شــانۆم خوێند. سەرەتا شیعرم نووســیوەو لە گۆڤارێکی پێشەنگی نەمسادا بڵاوبوونەتەوە، ئەویش (پرۆتۆکۆل)بوو. پەیوەندیم بە باوکمەوە ســاردبووە، لەگــەڵ دایکم تا حاڵەتی خنــکان بەیەکــەوە بووین، لەبەرامبــەردا یەك رۆژ پەیوەندیی راست و دروســتم لەگەڵ باوکم نەبووە. کەسایەتیی باوکم لاوازبوو، زوو عەقڵی تێکچوو و لە نەخۆشــخانەیەکی نەفسی لە ساڵی 1968دا کۆچی دوایی کرد، پەشــیمانم نەمتوانی خزمەتی بکەم.

***جیــل دۆلۆز دەبێژیت، هەرچەند هەڵەی گەورە لە ژیانــدا بکەیت، ئەوەندە دەتوانین دەرســی گەورە بە خەڵــك بدەین. لەو قۆناغەی ژیانت چ وانەت پێیــە..؟**

ـ من تەنیا دەرس دەدەمەوە خۆم، بە هەڵەی زۆر گەورە ئینجا فێربووم، ئەویش کەمیی هێوری بوو. زۆرجار بە خێرایی بڕیارم داوە، زۆریش کاردانەوەی توندی بە تەوژم هەیە. خەباتم دەوێت خۆم لەو رەوشتە دوورخەمەوە. زۆر ڕقم لە لەخۆباییبوون و کەللەڕەقی دەبێتەوە، زۆر ڕقم لە مرۆڤی توندڕەو دەبێتەوە، بۆیە بە نیگەرانییەوە دەڕوانمە هاتنە سەرکارو حوکمی ئیسلامییە توندڕەوەکان، هاتنە پێشەوەی ئەوانەش هۆکاری زۆری هەیە، لێرەدا بوار نییە باسیان بکەم و ئیشی منیش نییە، زۆریش لەسەر ئەو مەسەلەیە دەخوێنمەوە. دەبێ بەرگری و هاوسۆزی لە سەدەی رووناکییەکان و بەهاکانی دیموکراسی و یەکسانیی ژن و پیاوان بکەم، ئەگەرچی ئەوانە هێشتا هەموویان بەتەواوی لە وڵاتەکەماندا نەهاتوونەتە دی. هەموو کارێك دەکەم تا هەموو جۆرێکی جوداخوازی لە جیهاندا نەمێنێت، کە ڕقمان لە هەر کەسێك هەڵگرت، واتە ڕقمان لە خۆمان بۆتەوە، کە دەنووسم هەر لایەنگیری کەسانی زەحمەتکێشم، ئەدەب لایەنگیریی کەسانی بەهێزی تێدا نییە.

## تەوەرێك لەبارەی چیرۆكی كوردییەوە:

لە ژمـــارە (74)ی گۆڤــاری (ئاینـــدە)دا تەوەرێك لەبـــارەی چیرۆكی كوردییەوە دەخوێنیتـــەوە، كە (عەتا نەهایی، ئیســـماعیل حەمەئەمین، ســـابیر رەشـــید، مامۆســـتا جەعفەر، عەتـــا قەرەداغی) بەشـــداریی تێدا دەكـــەن.

## مەلەفی ئەدەبی توركمانی:

لە ژمارە (74)ی گۆڤاری (ئایندە)دا مەلەفێك لەسەر (ئەدەبی توركمانی) بڵاودەكرێتەوە، كە چیرۆكنووس (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) ئامادەی كردووە. لەم مەلەفەدا چەند بابەتێك لەسەر چیرۆك‌و شیعرو فۆلكلۆری توركمانی دەخوێنیتەوە، لەوانە: (شیعری توركمانیی نوێ، سەرەتاكانی شیعری توركمانیی عیراقی، چیرۆكی ئەوانەی دەڕۆن‌و ناگەڕێنەوە، حیكایەتی ئارزی‌و قەمبەر..).